# ئەرکی ئافرەتان لە مانگی رەمەزاندا قورستر دەبێت



«لەگەڵ هاتنی مانگی رەمەزانیش بە هۆی ئەوەی زۆربەی ئافرەتان وەك پیاوان بەرۆژوو دەبن، ئەرك و ماندووبوونیان گەلێك زیاتر دەبێت. ئەوان لەوە نیگەرانن کە زۆربەی پیاوان بەتایبەتی لە مانگی رەمەزاندا لە ماندووبوون و شەونخوونی ئافرەت بێ ئاگان و پێیانوایە هەر خۆیان بەرۆژوون و نەك ئەرکی سەرشانی کابانی ماڵ سووك ناکەن، بگرە قورستریشی دەکەن. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان را و سەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.

**ئەگەر پیاوان هاوکاری ئافرەتی ماڵەوە ناکەن، ئەوە بە هۆی نەریتێکی کۆنە کە وای لە پیاو کردووە، ئافرەت تەنیا وەک کابان و چێشتلێنەر و بەخێوکەری منداڵ ببینن**

**بە پێی ئایین و یاسا و نەریتە شیاوە ئینسانییەکان پێویستە کاری ناوماڵ لە نێوان ئافرەت و پیاو دابەش بکرێت، بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزان کە ئافرەتان بەڕۆژوو دەبن و کارەکانی ناوماڵیشیان چەند بەرامبەر دەبێت**

**هەندێک نەریت و کەلتووری کۆن هەن کە هەمیشە مافەکانی ئافرەتی پێشێل کردووە. تەنانەت ئەوەی کە شتێک لای دین و یاسا ئاساییە، لە رووی عورفەوە بە عەیبە کراوە، کە نموونەی بەرچاویان هاوکاریکردنی پیاوە لە کاری ناوماڵدا**

«لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزان دوو هێندە و سێ هێندەی جاران ماندوو دەبم، ئامادەکردنی بەربانگ و پارشێوی ١٢ سەر خێزان ئەوەندە ئاســان نییە، بەتایبەتی ئەمســاڵ کچە گەورەکەم ناتوانێ یارمەتیم بدات، چونکە پۆلی شەشی زانستییە و خەریکی تاقیکردنەوەیە».

ئەوە قســەی کەوسەر عەلی تەمەن ٤٥ بوو. ئەو ئافرەتی ماڵەوەیە و بەمجۆرە باســی ئاریشــەکانی خۆی لە مانگی ڕەمەزاندا دەکات: «هاوســەرەکەی نەخۆشی شەکرەی هەیە، شــەوانە دوو جۆر هەویر دەشــێلم، یەك گەنم بۆخۆمــان و یەکیش جۆ بۆ هاوســەرەکەم. بۆ منداڵەکان برنج و بۆ ئەویش ساوار لێدەنێم، خەسووشم نەخۆشی زەختی هەیە، بۆیە هەموو خواردنەکان بە دوو مەنجەڵ لێدەنێم، یەکی بێ خوێ و ئەوی تر ئاسایی بۆ خۆمان، سەرەڕای ئەو هەموو ماندووبوونەم کە دێنە سەرســفرە هەریەکەو عەیبێك لە خواردنەکە دەگرێ. هێشتا نان نەخوراوە، دەبێ چای هاوسەرەکەم ئامادە بێت، شەوێك هەندێ درەنگ چــام بۆ مێردەکەم هێنا، لە رقان بەبێ چاخواردنەوە چوو بۆ تەراویح، تا دوو ڕۆژیش قســەی لەگەڵ نەکردم، وەك ئەوە هەڵسوکەوت دەکات کە بۆ من بەڕۆژوو بێت».

سنۆبەر سابیر ڕەشید چالاکی بواری مافی ئافرەتانە و سەرەتا هاتنی مانگی ڕەمەزان لە هەموو موسڵمانانی جیهان بەگشتی و موسڵمانانی کوردستان بەتایبەتی پیرۆز دەکات و هیواداره «ئەم مانگە سەرەتایەك بێت بۆ ئاشتەوایی و قبووڵکردنی یەکتری و پێکەوەژیان و گەڕانەوەی ئاشــتی و ئارامی بۆ ناوچەکەمان»، وتیشی: «گومانی تێدا نییە ئافرەتان هەمیشە ڕۆڵیان دیار و بەرچاوە لە زۆربەی لایەنەکانی ژیان و فاکتەرەکانی پتەوکردنی خێزان، ئافرەتان هەمیشە ڕۆڵێکی ئەکتیڤ و پۆزەتیڤیــان لە کۆکردنەوەی خێزان و چارەکردنی کێشــەوگرفتەکان و پەروەردەکردنی منداڵان و بەرنگاربوونەوەی ئاســتەنگەکانی ژیانی ڕۆژانە هەبووە، بەتایبەتی ئەو ئافرەتە بەڕێزانەی کە کاران لە کومەڵگە و خاوەنکارن، واتە بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتان هەمیشە ئەرکەکانیان زیاتر بووە لە پیاوان، هەڵبەتە لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزانیش ئەرکیان گەلێك زیاتر دەبێ، چونکە جگە لەوەی وەك موســڵمانێك ئەرکەکانی خواپەرســتی و عیبادەتەکانیان بەجێ دەهێنن، لە هەمان کاتدا ئەرکی ڕوژانەی ماڵەوشیان گرانتر و زیاتر دەبێت، چەندین جۆر خۆراك ئامادە دەکەن. لێرەشــدا ئەرکی برا و هاوســەر و باوکان بە دیار دەکەوێ، کە دەکرێ بە ڕوویەکی خۆش و بە ڕەفتاری جوان مامەڵە لەگەڵ خوشك و هاوســەر و دایکیان بکەن، بە شــێوەیەك لانیکەم دەستخۆشییان لێ بکــەن و گوفتاری خۆش بە کاربهێنن بۆ سوپاســکردنیان و ناوبەناو هاوکارییان بکەن لە ئامادەکردنی خۆراك و ڕازاندنەوەی خوان، چونکە ئەو هاوکارییانــە دەبێتە هۆی حەســانەوە و دەرچوونی ماندووبون و ئارامبوونــەوەی دەروونیــان، ئەمانــەش لە کۆتاییــدا دەبنە مایەی خۆشگوزەرانی خێزان.»

توێژەری کۆمەڵایەتی محەمەد گۆمەشــینی، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بە پێوەری مرۆڤسالاری ئافرەت و پیاو هاوبەشن لە ئەرك و مــاف و بەڕێوەبردنی خێزاندا، بەڵام پیاوســالاری و بێ مافکردنی ژن بە بیانووی ئایینی، ســنووری هەمــوو کەلتوورێکی تێپەڕاندووە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و عورفی هەمیشە جۆرێك لە کۆت بەند لەســەر ئافرەت بووە، زۆرجاریش ئەو عورفە بۆتە مۆدێلی ژیان و تەجاووزی ئایین و یاساشی کردووە، هۆکارەکەشی ڕەنگە بریتی بووبێت لە بیرکردنەوەیەکی لۆکاڵی و ناوچەیی»، وتیشی: «نموونەی جوان و بەرچاویشــمان زۆرە لە بەشــداریی ژنان لە بەڕێوەبردنی ماڵ و خێزان کە ڕۆڵــی گەورەیان بووە و کۆڵەگەی ژیانی هاوبەش بوون. ژن بــە مانــا کۆمەڵایەتییەکــەی بریتییە لە چەترێــك بۆ مەنزڵی حەوانــەوەی و کارگێڕی خێزان و ســەنگ ڕاگرتنی، بەڵام هەندێك نەریت و کەلتووری کۆن هەن کە هەمیشــە مافەکانی ئافرەتی پێشێل کردووە. تەنانەت ئەوەی کە شتێك لای دین و یاسا ئاساییە، لە رووی عورفەوە بە عەیبە کراوە، کە نموونەی بەرچاویان هاوکاریکردنی پیاوە لــە کاری ناوماڵدا، بەڵام لە ڕاســتیدا خێزانی بەختــەوەر ئەوەیە کە هەمــوو هــاوکار بن و پێکەوە بــن و بە دەســتەجەمعی کار بکەن و کارەکانــی ناوماڵ دابــەش بکەن، بەتایبەت کە باســەکە ڕەمەزانە و بریتییە لە زیاتر ئەنجامدانی کاری چاکە و خێر و هاوکاری، بە ڕای منیش نزیکترین کەس کە شایســتەی هــاوکاری بێت، خێزان و ژنی ماڵــە و ئەوەش دەبێتە بونیادی خۆشەویســتی و بەختەوەری، ئەوەی زانــراوە لە ڕووی ئایینەوەش پێغەمبەر (د.خ) زۆرجار کاری ماڵەوەی کردووە، ئەوەش مانای ڕاستەقینەی ژیان و ئایینە. بۆیە پێویستە لەو ڕووەوە مامۆســتایانی ئایینی لەو مانگە زیاتر جەخت لەسەر سوننەتە جوانەکان بکەنەوە و پیاو لای ژن جوان بکەن، ژنیش لای پیاو جوانتر بکــەن، بەوەی هانیان بدەن کە بنەمای خێزانی بەختەوەر و ئاســوودە بریتییە لە ڕێز و خۆشەویســتی و هاوکاری، بۆیە ناکرێت وا هەژمار بکرێت کە کار و ئیشی ناوماڵ تەنها لە ئەستۆی ئافرەتە.»

تــارا نەزیر فەرمانبەرە لــە بەڕێوەبەرایەتی کارەبــای زاخۆ. ئەو یەکێکە لەو هەزاران ئافرەتەی کە ڕایانوایە پیاوان لە مانگی ڕەمەزاندا ڕەچــاوی ماندووبوونی خانمان ناکەن. هەر لــەو بارەیەوە دەڵێت: «لە مانگی ڕەمەزان هەموو ئافرەتان زیاتر هیلاك دەبن، بەتایبەتی ئافرەتی کارمەند، کە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، سەرەڕای ئەوەی هیلاك و بەڕۆژووە، یەکســەر جلی کارکردن و مەتبەخ لەبــەر دەکات، چونکە ئەو کاتەی هەیەتی بەشی ئیســراحەت و پاڵدانەوە ناکات، بەڵکو مەتبەخەکە بە تونــدی بانگی دەکات بۆ ئەوەی بە ئەرکەکەی هەڵبســێت و خوانێك لە حەز و ئــارەزووی تاکەکانی خێزان ئامادە بکات، ئیدی بۆی نییە باســی ماندووبوون و شەکەتی بکات، یان داوای کەمێك ئیسراحەت و حەوانەوە بکات، دوای بەربانگکردنیش شەهیەی هەموان پێچەوانەی شــەهیەی کابان دەکرێتەوە، چونکە دڵەڕاوکێی سوێری و کەمخوێی خواردنەکان شــەهیەی کابان دەبەســتێ، ئافرەت هێشتا نانەکەی بە تەواوی نەخواردووە، ســینییەك چا پێشکەش دەکات، ئەمجارە نۆرەی خاوێنکردنەوەی مەتبەخ و قاپ شووشــتن دێت، دوای ئەوە شیرینی و میــوە دێنێتە بەردەســت ئەندامانی خێزان، ســەرەڕای ئەوەی لە شــەوانی ڕەمەزان ســەردانە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو خێزانەکان زیاتر دەبێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا هاوسەرەکەی و تێکڕای ئەندامەکانی خێزان هەســت بەوە ناکەن کە ژنەکەش وەکو ئەوان بەڕۆژووە، هێشتا لە کارەکانی بەربانگکردنیش نەبۆتەوە، ســفرە ڕازاندنەوەی پارشێو دەست پێدەکات. کەچی هاوسەرەکەی یان دەخەوێت، یان کاتەکانی بە قورئان خوێندن، یان ســەیرکردنی تەلەفزیۆن بەسەر دەبات، منداڵەکانیش هەر یەکەو سەرقاڵی مومارەسەکردنی ئارەزووەکانیان دەبن».

پارێزەر دەروون حەمەدەمین، سەرتا باسی ئەوە دەکات کە زۆرینەی دانیشتووانی باشووری کوردستان موسڵمانن و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئایینی ئیســلام بەتایبەتی هانی پیاوانی داوە لە ئەرکی ناوماڵ و خێــزان هاوکاری ئافرەتان بکــەن. نموونەش بەوە دەهێنێتەوە کە زۆر سەرچاوە باســی ئەوەیان کردووە کە پێغەمبەری موسڵمانان هاوکاری هاوسەرەی خۆی کردووە. وتیشی: «ئەگەر پیاوان هاوکاری ئافرەتی ماڵــەوە ناکەن، ئەوە بە هۆی نەریتێکی کۆنە کە وای لە پیاو کردووە، ئافــرەت تەنیا وەك کابان و چێشــتلێنەر و بەخێوکەری منداڵ ببینن، بەڵام بە پێی دین و یاسا و نەریتە شیاوە ئینسانییەکان پێویستە کاری ناومــاڵ لە نێوان ئافرەت و پیاو دابەش بکرێت، بەتایبەتی لە مانگی ڕەمــەزان کە ئافرەتان بەڕۆژوو دەبن و کارەکانی ناوماڵیشــیان چەند بەرامبەر دەبێت.

# شوفێرێکی کورد
# لە دەست تیرۆریستان رزگاری دەبێت

**شوفێرێکی هێڵی بەغدا – هەولێر، لە لایەن چەند چەکدارێکی عەرەب لە نزیك شارۆچکەی خورماتوو، بە پێنج دەفتەر دۆلارەوە دەرفێندرێت، بەڵام هەمان رۆژ بە یارمەتی شوفێری بارهەڵگرێك و پۆلیسی ناوچەکە دەتوانێت لەسەر رێگەی کەرکووك ئۆتۆمبێل و پارەکەی بەدەست بێنێتەوە و خۆیشی رزگار بکات.**

سەردار وەهاب پیاوێکی تەمەن ٥٠ساڵ و دانیشتووی شاری هەولێرە و ماوەی ٢٠ ساڵە لە هێڵی بەغدا – هەولێر شوفێرە، بەڵام لە ماوەی رابردوو لە نزیك شارۆچکەی خورماتوو لە کاتی گەڕانەوەی، چەند چەکدارێکی عەرەب بە ئۆتۆمبێلێکی جۆری (BM)یەکی رەش رێگەی لێدەگرن و تا لە هۆش خۆی دەچێت، لێیدەدەن، دواتر دەیرفێنن و لە چۆڵەوانییەك فرێی دەدەن.

سەردار باس لەوە دەکات کە بژێوی خێزانەکەی بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ دەبێت، لەسەر شوفێری بووە و لەو ماوەیەش بە هیچ شێوەیەك تووشی رووداوی لەو جۆرە نەبووە. ئەو ئاماژە بەو رۆژە دەدات کە رفاندوویانە، وەك دەیگێڕێتەوە ئەو رۆژە سەرنشینەکانی هەمووی لە تکریت دابەزیون، بۆیە بە بەتاڵی بۆ هەولێر دەگەڕێتەوە، جگە لەوەش پێنج دەفتەر دۆلاری برادەرێکی لای دەبێت، کە ئۆتۆمبێلەکەی فرۆشتبوو.

سەردار بەمجۆرە باسی ئەو دوای نیوەڕۆیە دەکات کە رفاندیان:

«لە نزیك شارۆچکەی خورماتوو، ئۆتۆمبێلێکی (BM)ی رەنگ رەش، رێگەی لێگرتم و بوارم نەبوو رابکەم، تەقەیان لێ دەکردم، زانیشم ئەوانە رێگرن، کە راوەستام، چەکدارێك بە قۆنداخ لەسەری دام و هۆشم نەما، کاتێك بە هۆش خۆم هاتمەوە بینیم لە چۆڵەوانییەك چوار چەکداری دەمامکدار لەسەر سەرم وەستاون، ئەو چەکدارانە بە عەرەبی پرسیاری ئەوەیان لێکردم کە چیم لایە، پێیانی بدەم، بەڵام نکۆڵیم لەوە کرد کە شتێکم پێبێت، بۆیە بە دار و بەرد زۆریان لێدام و جنێویان بە هەموو کورد دەدا، وازیان لێنەهێنام تا هەموو لەشم بووە خوێن و دووبارە لە هۆش خۆم چووم، بەڵام بەر لە بوورانەوەم یەك لە رفێنەرەکان وتی: پارەکەم دۆزییەوە، وازی لێ بێنن. یەکێکی دیکەیان وتی: با بیکوژین، ئەوەی دیکەشیان وتی: مردووە و تەواو، لەو چۆڵەوانییە هەر قەل و داڵ دەیخوات، وازی لێ بێنن، با بڕۆین. وایانزانی مردووم، بۆیە رۆیشتن، ئاگام لێبوو یەکێکیان ئاوڕی دایەوە، تفێکی لێ کردم و وتی: با کوردی .. جارێکیتر سەردانی ناوچەی عەرەب نەکەن».

چارەکێك بەر لە خۆرئاوابوون، ئەو شوفێرە کوردە بە هۆش خۆی دێتەوە، وەك باس دەکات، ئەوکاتە نەیتوانیوە لەسەر پێیەکانی بوەستێ، خوێنی زۆری لەبەر رۆیشتبوو، بەڵام هەر چۆنێك بێت، خۆی دەگەیەنێتە سەر جادەکە، وەك خۆیشی باسی کرد، لەگەڵ ئەوەی پۆلیسی عێراقی دەیبینن، بەڵام بۆی ناوەستن، دواتر بارهەڵگرێك دەوەستێت، «لۆرییەك راوەستا، شوفێرەکە کورد بوو، منیش باسی حاڵی خۆم بۆی کرد و دەستبەجێ هەڵیگرتم و جلی پێدام، هەستم کرد دەتوانم بوەستم ئازارەکەم کەمتر ببوو».

سەردار لەگەڵ شوفێرە بارهەڵگرە کوردەکە دەڕوات، بەر لەوەی بگەنە شاری کەرکووك، شوفێرەکە داوای لێدەکات لە چێشتخانەیەکی سەر رێگە لابدەن و پشوویەك بدەن، کە رادەوەستن، سەردار بە بینینی ئۆتۆمبێلەکەی لەبەردەم چێشتخانەکە، تووشی شۆك دەبێت، بەتایبەت کە دەبینێ رفێنەرەکانی لە چێشتخانەکە خەریکی نانخواردنن، بۆیە دەستبەجێ شوفێری بارهەڵگرەکە ئاگادار دەکاتەوە، شوفێری بارهەڵگرەکە پێشنیاری ئەوە دەکات کە پۆلیس ئاگادار بکەنەوە، بەڵام سەردار لە ترسی ئەوەی تا پۆلیس دەگات، کار لە کار بترازێ و هیچی پێنەکرێت، خۆی پلانێك دادەنێ و داوای هاوکاری لە شوفێرەکە دەکات کە بارهەڵگرەکەی بخاتە بەردەم ئۆتۆمبێلەکەی، لە بەرچاوی رفێنەرەکان و بە جۆرێك رایبگرێت کە دیار نەبێت. ئەو شوفێرە رفێندراوە ئەوە دەخاتەڕوو کە سویچێکی دیکەی ئۆتۆمبێلەکەی لا دەبێت، رفێنەرەکانیش لە ناو چێشتخانە خەرێکی نانخواردن بوون، «ژمارەی مۆبایلەکەم بە شوفێرەکەدا، تاکو دواتر پێوەندیم



پێوە بکات، بەڵام زۆر دەترسام، پەنام بۆ خوا برد و لەناکاو بە خێرایی دابەزیم و دەرگەی ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە و بە خێرایی بۆی دەرچووم، چەکدارە رفێنەرەکان لە کاتی دەرچوونم تەقەیان لێکردم، لەو کاتە پۆلیسی کەرکووك هاتە ناوچەکە، ئەوانیش تەقەیان لە چەکدارەکان کرد».

سەردار ئەمە بە دەرفەت دەزانێت و رادەوستێت، لە ترسی گولە خۆی لە پەنا بەردێك دەشارێتەوە و بە پۆلیسەکان رادەگەیەنێت، کە ئەوانە دزن و دوای کەوتوون، یەکسەر ئەوانیش مەفرەزەیەکی دیکە ئاگادار دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەش هێشتا شەڕ لەنێوان پۆلیس و چەکدارەکان بەردەوام دەبێت، بەڵام دوای چەند خولەکێك پۆلیسی فریاکەوتن دەگەن و دوو لە چەکدارەکانیش بریندار دەبن، بواری راکردنیان نامێنێت، بۆیە دەستگیریان دەکەن، هاوکات سەدار داوایەك لە پۆلیسی کەرکووك تۆمار دەکات، بەڵام ئەو شوفێرە دوای دەستگیرکردنی چەکدارەکان، نهێنییەکی دیکەی بۆ ئاشکرا دەبێت، ئەویش ئەوەیە کە یەکێك لە چەکدارەکان، برای ئەو کەسەیە کە لە بەغدا ئۆتۆمبێلی پێفرۆشتووە، دانیش بەوەدادەنێت کە براکەی لە بەغدا ئاگاداری کردبوونەوە و پیلانیان بۆ داناوە، «ئەو کەسە عەرەب بوو، ماڵی لە ناحیەی خاڵس بوو، بەڵام بۆ ئەوەی پیلانەکەی ئاشکرا نەبێت، لە نزیك ناحیەی خورماتوو کارەکەیان ئەنجامدا»، دواتر دەستبەجێ برای رفێنەرەکەش لە رەسافە دەگیرێت و خانەوادەکەشی پێوەندی پێوەدەکەن، تا سوڵح بکەن، بەڵام سەردار دەڵێت: «داوای قەرەبووم کردووە و دەبێ یاسا تۆڵەیان لێ بکاتەوە، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر کێشەکە بە سوڵحی عەشایەری چارەسەر نەکەین، کەسوکاری چەکدارەکان هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە دەکەن»، بەڵام ئەو شوفێرە جەخت لەوە دەکاتەوە کە باکی بەو هەڕەشانە نییە، لەبەر ئەوەی بڕیاری داوە هێڵەکەی بۆ یەکێك لە شارەکانی کوردستان بگۆڕێت. سەردار وەك خۆی باسیکرد، لەبەر ئەوەی بە سەختی بریندار ببوو، قۆڵێکیشیان شکاندبوو، بۆ ماوەیەك لەژێر چاودێری پزیشکدا بووە. باسیش لەوە دەکات کە لەو ماوەیە خزم و کەسیشی هاریکارییان نەکردووە، بۆ ئەوەی بتوانێت خانەوادەکەی بەخێو بکات. وەك دواقسەشی دەڵێت: «من زیاتر داخ لەوە دەخۆم کە عەرەب لە کوردستان بە ئازادی هاتووچۆ دەکەن و تەنانەت ژمارەیەکی زۆریان لە کوردستان نیشتەجێ کراون و بە هەموو شێوەیەکیش رێزیان دەگرن، کەچی کوردێك ناتوانێت بە سەردانیش هاتوچۆی شارەکانی ئەوان بکات، من لە کوردستانم، لە سەر خاك و لە ناو ماڵی خۆمم، ئەوان تەهدیدم دەکەن، کەچی عەرەب لێرە بە هەوەسی خۆی دەسوورێتەوە».

**دوای لێکۆڵینەوەی پۆلیس دەرکەوت یەکێک لە رفێندەرەکان برای ئەو کەسە بوو کە ئۆتۆمبێلم پێ فرۆشتبوو**

**بەر لە بوورانەوەم یەک لە رفێنەرەکان وتی: پارەکەم دۆزییەوە، وازی لێ بێنن. یەکێکی دیکەیان وتی: با بیکوژین، ئەوەی دیکەشیان وتی: مردووە و لەو چۆڵەوانییە هەر قەل و داڵ دەیخوات**

**زیاتر داخ لەوە دەخۆم کە عەرەب ژمارەیەکی زۆریان لە کوردستان نیشتەجێ کراون و بە هەموو شێوەیەکیش رێزیان دەگرن، کەچی کوردێک ناتوانێت بە سەردانیش هاتوچۆی شارەکانی ئەوان بکات**





دەروونناس و توێژەرانی کۆمەڵایەتی زۆر جار باسی ئەوەیان کردووە کە زێدەڕۆیی لە هەر شتێك، ئاکامی باشی نابێت، بەتایبەتی لە خواردنەوە کحوولییەکان کە جگە لەوەی جۆرێك لە ئاڵوودەبوونی لێدەکەوێتەوە، وازهێنان لە خواردنەوەشی کارێکی دژوار دەبێت. زۆر جاریش بووەتە هۆی تێکدانی شیرازەی خێزانی و تەنانەت جیابوونەوەی هاوسەرانی لێکەوتۆتەوە. یەکێك لەو ئافرەتانە بەسەرهاتی خۆی بۆ خوێنەرانی گوڵان دەخاتەڕوو.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

# هاوسەرەکەم..
# من و دوو منداڵی کردە قوربانی سەرخۆشییەکانی خۆی

**تەکسییەکەی فرۆشتووە و هیچی بۆ نەماوە، پارەیەکی زۆریش قەرزدار بووە، کەس نازانێت لە ترسی خاوەن قەرزەکان بۆ چ شوێنێک رۆیشتووە و لە کوێ خۆی حەشار داوە**

گوڵچین تاقانە منداڵی خێزانێکە و ئێستا ئافرەتێکی بێوەژنە و تەمەنی ٣٩ ساڵە و ماوەی شەش ساڵیشە خۆی و دوو منداڵی لەگەڵ دایکی لە ماڵی باوکیدا دەژین. ئەو خاتوونە پێیوایە باوکی لە خەمباری ئەودا تووشی نەخۆشی بووە و کۆچی دوایی کردووە. ئەو بە نیگەرانییەکی زۆرەوە ئاوڕ لە رابردووی خۆی دەداتەوە، بە جۆرێك تەنانەت حەز ناکات باسی بکات، بەڵام دوای گفتوگۆیەکی چڕوپڕ رازی بوو بەسەرهاتی خۆی بۆ گوڵان بخاتەروو، تاوەکو خۆی گوتەنی هەموو هاووڵاتییەك پەندی لێ وەربگرن.

گوڵچین بەمجۆرە باسی نهێنییەکانی ژیانی هاوبەش و چۆنیەتی جیابوونەوەی لە هاوسەرەکەی دەکات:

«من تاقانە منداڵی دایك و باوکم بووم. ئەوان دوای ساڵ ١٧ ساڵ چاوەڕوانی، بوون بە خاوەن منداڵ و من لەدایك بووم. باوکم لەگەڵ ئەوەی پیاوێکی ئایینی بوو، بەڵام بڕوای بە فرەژنی نەبوو. لۆمەی هەموو خزم و دۆستانی خۆی قبووڵ کرد. بەڵام هەرگیز ئامادە نەبوو ژنی دووەم بهێنێت. زۆریش نازی منی هەڵدەگرت و هەمیشە دەیگوت: بە دە کوڕت ناگۆڕمەوە. منیش دەرسەکانم بە سەرکەوتوویی تەواو کرد و دوای دەرچوونم لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆ، وەك توێژەر دامەزرام. بەردەوام خوازبێنیم بۆ دەهات، چ لە قۆناغی زانکۆ، چ دوای دامەزرانم وەك فەرمانبەر، بەڵام خۆشەویستیم بۆ دایك و باوکم وایکردبوو، هەمووم رەفز دەکرد. چونکە ئەوان کەسیان نەبوو، تەنیا بە من دڵخۆش بوون. گەرچی باوکم باری دارایی باش بوو، چەندین دووکانی بە کرێ چووبوون و پێویستی بە داهاتی من نەبوو. بەڵام من بۆ خۆم حەزم نەدەکرد، پیاوی سەرماڵم هەبێت، یان بڕۆمە ماڵی شوو، دایك و باوکم تەنیا بەجێبهێڵم. باوکیشم زۆر جار زۆری لێدەکردم و دیگوت: کچم خۆت بە دیار ئێمەوە پیر مەکە، دواتر کەس سەیرت ناکات، تا گەنجی شوو بکە و ماڵی خۆت دابنێ. قەدەر وایکرد، کوڕێك بە ناوی لوقمان هاتە ناو ژیانم. ئەو کات کوڕێکی گەنج بوو، زۆرم خۆش ویست، گەرچی خوێندەواری وای نەبوو، ماڵی باوکیشی زۆر هەژار بوون، بەڵام زۆر هۆگرم ببوو، بەڵێنی زۆریشی پێدام، بۆیە منیش رازی بووم بێتە خوازبێنیم و پارەیەکی زۆریشم پێ دا، بۆ ئەوەی لای کەسوکارم نەشکێتەوە و بەو پارەیە جلو و بەرگ و زێڕم بۆ بکڕێت. لای کەسیش باسم نەکرد. ئەوە بوو بە خۆشی و کامەرانی بە یەکتر شاد بووینەوە، باوکیشم خانوویەکی بۆمان کڕی و ژیانێکی خۆشمان دەست پێکرد. بەڵام هەموو خۆشی ژیانمان یەك ساڵ بڕی نەکرد، کچەکەم کە منداڵی گەورەمە و ئێستا تەمەنی ١٥ ساڵانە، ئەو کات تەمەنی یەك ساڵ بوو، زۆر جار لە دەست هات و هاواری باوکی لە گەرمەی خەو رادەچڵەکا، هەمیشە ماڵمان پڕ بوو لە میوانی مەشرووبخۆر. زۆربەشیان زگورتی بوون. لوقمان بە تەواوی ئالوودەی مادە کحولییەکان ببوو. هەموو جارێکیش لە گرانبایییەکانی دەکڕی، هیچ کارێکی نەدەکرد، تەنانەت بە زۆرەملێ خانووەکەی منیش کە باوکم بۆمانی کڕیبوو، فرۆشتی. هەر تەحەمولم کرد، تا کوڕێکمان بوو، وامزانی ئەوە دڵخۆشی دەکات و گۆڕانکاری بەسەردا دێت. ئەو کات تەکسییەکم بۆ کڕی و لوقمانیش هەزار بەڵێنی دا واز لە مەیخواردنەوە بهێنێت، بەڵام دوای شەش مانگ دیسان تێکەوتەوە و بەڵێنەکەی نەبردەسەر. تەنانەت وای لێهاتبوو، لەگەڵ نانی بەیانیان عارەقەکەی دەخواردەوە. کاتێکیش دەیخواردەوە یەکسەر دووسێ هاوڕێی بە بیر دەکەوتەوە، ئیتر بەردەوام پێکەوە بوون. هیچ کاسبییەکی نەدەکرد، ئەوەشی دەستی دەکەوت یەکسەر بە سندانەکەی دەدا. شەوێکیان خۆی و هاوڕێیەکەی تا درەنگانی شەو لە ماڵی ئێمە خواردیانەوە. ئەوەندەیان خواردەوە وامزانی بێهۆش کەوتوون. من و کچ و کوڕەکەشم لە ژووری خۆمان خەوتبووین، ژوورەکە تاریك بوو، نیوەشەو هەستم کرد لوقمان هاتۆتە سەر جێگەکەم، هەر دەستی بۆ دەبردم، چەند جار تکام کرد، گوتم: لوقمان واز بێنە، میوانمان هەیە. ئەو هەر دەستی بۆ دەهێنام. کاتێك دەستم لە دەستی دا، هەستم کرد ئەوە لوقمان نییە، بە پەلە هەستام و گڵۆپەکەم پێکرد، هاوڕێیەکەی لوقمان بوو. دەستی خستە سەردەمم و زۆر پاڕاوە و هەزار سوێندی خوارد و وتی: بە هەڵە هاتووم، بمبوورە. منیش بە توندی لە ناو دەمی ئەو بێ ئابڕوویەم دا، نزیکەی بانگی سبەی بوو، تاوەکو بە پەلە لوقمانم لە خەو هەستاند، ئەو بێناموسە هەڵهات، هەموو قەلبم دەلەرزی، گریان مەجالی نەدەدام قسە بکەم، لوقمان هێشتا سەرخۆشی بەری نەدابوو، کە باسی ئەو رووداوەم بۆ کرد، بڕوای پێنەکردم و تێم بەربوو، ئەوەندەی لێدام دەم و کەپووم بە خوێن بوو. ئەوە دوارۆژی پێکەوە بوونمان بوو. دەستی منداڵەکانم گرت و چوومەوە ماڵی باوکم. هەرگیز ئەو تەعەدایە و ئەو بێ غیرەتییەم لە بیر ناچێت لە بەر دانیشتنێکی بۆ عارەقخواردنەوە، من و هەر دوو منداڵەکەی فەرامۆشکرد».

گوڵچین لە کۆتایی قسەکانیدا باسی ئەوەی کرد، کە دوای ئەو رووداوە هەرگیز بڕوای بە بەڵێنەکانی لوقمان نەکردووە، بۆیە بە زەبری یاسا لێی جیا بۆتەوە. سەبارەت بە چارەنووسی لوقمانی کۆنەهاوسەریشی وتی: «لوقمان کارێکی وایکرد باوکم لە خەمباری ئەودا تووشی جەڵدە بوو، ئەوەندەشی نەبرد، کۆچی دوایی کرد. لوقمانیش ئەوەندەی من بیستوومە، تەکسییەکەشی فرۆشتووە و هیچی بۆ نەماوە، پارەیەکی زۆریش قەرزدار بووە، کەس نازانێت لە ترسی خاوەن قەرزەکان بۆ چ شوێنێك رۆیشتووە و لە کوێ خۆی حەشار داوە. چونکە دوای ئەوەی کە حکومەتی عێراق بڕیاری دا ١٠٠ مووچە بە جارێك بداتە فەرمانبەران، لوقمان بەڵێنی بە دەیان کەس دابوو، کە ئەو پارەیەیان بۆ وەربگرێت و لە بەرامبەریشدا بڕێك پارەی لێوەرگرتبوون، هەروەها دەڵێن عەردێکی بە حەوت کەس فرۆشتووە، بۆیە زۆر کەس هەڕەشەی لێدەکەن، بە قسەی خزمێکی خۆیی گوایە لە ئێران بینیویانە و ئێستا لە بری مەیخواردنەوە پەنای بۆ مادە هۆشبەرەکانی دیکە بردووە».